دانوستانکانی ئیستانبوڵ دەگای ئاوگۆڕی دیلەکانی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا کورت دەکەنەوە



خولی سێیەمی دانوستانەکانی نێوان ڕوسیا و ئۆکرانیا لەئیستانبوڵ بەبێ پێشکەوتن بێ کۆتاییهێنان بەشەڕ کۆتاییهات، سەرەڕای گفتوگۆکردن لەسەر هەندێك بابەتی مرۆیی کەدیارترینیان ئاوگۆڕی دیلەکان و گواستنەوەی قوربانییەکان بو.

هاوستەم ئەمڕۆ سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش و بەرگریی نیشتمانی ئۆکرانیا و سەرۆکی شاندی دانوستانکاری ئۆکرانیا ڕایگەیاند، کێف پێشنیاری کردووە کێبونەوەی لوتکەی نێوان سەرۆك ڤڵادمیر زلێنسکی و ڤلادیمیر پوتن ئەنجامبدرێت، بەڵام ئامانجی گەیشتن بەڕێککەوتنی ئاشتی بەر لەکۆتایی مانگی (ئاب/8)ی ئەمساڵ.

وتیشی، "ئۆکرانیا ئامادەیە بۆ ئاگربەست و داوای لەمۆسکۆ کرد هەنگاوێکی بنیاتنەر و واقیعی پیشان بدات".

لەبەرامبەردا، ڤلادیمیر مەدینسکی سەرۆکی شاندی ڕوسیا ڕایگەیاند، وتەکەی پێشنیاری ئاگربەستی کورتخایەنی کردووە، کەلەنێوان 24 بۆ 48 کاتژمێردایە، بۆئەوەی ڕێگەبدات بەگواستنەوەی کوژراو و بریندارەکان لەناوچەکانی جەنگ.

ەوسیا سەرەڵای دەربڕینی هەڵزامەندی بۆ فراوانکردنی بازنەی ئاوگۆڕی دیلەکان، ئامادەیشیی خۆی دەربڕی تەرمی سێ هەزار سەربازی ئۆکرانیا هادەستی ئۆکرانیا بکات.

سەبارەت بە بانگەوازی ئۆکرانیا بۆ کۆبونەوەی لوتکەی سەرکایەتی، ڤلادیمێر مێدینسکی جەختیکردەوە، هەر کۆبونەوەیەکی نێوان پوتن و زلێنسکی دەبێت تەنها بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنی کۆتایی تەرخان بکرێت نەك بۆ گفتوگۆکردن لەسەر پرسە مشتومڕاویيەکان.